
# ڕاپۆرتی لیستی سەرەکی عێراق ١٣٠

ماوەی کۆکردنەوەی داتا: ئایار- ئابی ٢٠٢٣

IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

## دیارخراوەکان

شێوەی ١: ژمارەی ئاوارەکان و گەڕاوەکان بە تێپەڕبوونی کات




لەوەتەی ٢٠١٤ەوە، بەشی تۆماری بەدواداچوون (DTM)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق زانیاری لەسەر هاوڵاتیانی ئاواران و گەڕاوان لەڕێگەی تۆڕێک لە کەسانی زانیارییدەر لە سەرانسەری عێراق دا کۆدەکاتەوە.[1] داتای ئەم ڕاپۆرتەی ئەم گەڕەی ئێستاش لە ١ی ئایار تا ٣١ی ئابی ٢٠٢٣ بووە.

### ئاواران ١,١٤٢,٠١٤

▼ ١٥,١٠١-

- تا ٣١ی ئابی ٢٠٢٣، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) (١,١٤٢,٠١٤) هاوڵاتی ئاوارەی دەستنیشانکرد لە (١٩٥,٨٨٠) خێزان دا.
- کەمبوونەوەی (١٥,١٠١) ئاوارە لەوەتەی گەڕی پێشوو، (کەمتر لە ١٪).
- قەزای سێمێل و قەزای زاخۆ لە پارێزگای دهۆک و قەزای ناوەندی هەولێر لە پارێزگای هەولێر گەورەترین کەمبوونەوەی ئاوارەکانیان بەخۆوە بینی. هەندێک لەو ئاوارانەی کە لەم قەزایانە گەڕانەوە چوونەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، هاوکات هەندێکی دیکەیان لەنێو جموجۆڵ ناوخۆییەکان دابوون یان چوونە دەرەوەی وڵات. هەروەها هەندێک لە خێزانەکان کامپی دیبەگە ١ ی پارێزگای هەولێریان بەرەو مەخمور جێهێشت.
- قەزای سامەڕا لە پارێزگای سەڵاحەددین، قەزای شەنگال لە پارێزگای نەینەوا و قەزای مەحمودییە لە پارێزگای بەغدا گەورەترین کەمبوونەوەیان لە ژمارەی ئاوارەکان بەخۆوە بینی لەوەتەی گەڕی پێشووەوە. لە قەزای سامەڕا وشکەساڵی و بە بیابان بوون لە جەزیرە بوونە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە خێزانە گەڕاوەکان ئاوارە ببنەوە، هاوکات دۆخی ئابووریش هۆیەک بوو بۆ ئاوارەبوونەوەی دووەمی ئەو ئاوارانەی گەڕابوونەوە. هەروەها، هەندێک خێزانی ئاوارەش گەڕانەوە قەزای شەنگال بەهۆی ئەو قسە ڕەق و قیناویانەی بەرانبەر بە ئێزدیان دەگوترا. لە قەزای محمودیەش جوڵە و هاتووچۆی ناوخۆیی خێزانە ئاوارەکان لە قەزاکانی دیکەوە بەدیکرا.
- ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەی زۆر خراپ دا دەژین کەمیکرد بە ( ٢,١٦٦- ) کەس بە بەراورد بە گەڕی پێشوو (٢,١-٪).

١٩٥,٨٨٠ خێزان ▼ ٢,٧٧٣-

٢,٦٤٥ شوێن ▼ ٢٤-

١٨ پارێزگا

١٠٤ قەزا

▲▼ گۆڕانکارییەکان لەوەتەی گەڕی پێشووەوە

### گەڕاوان ٤,٨٤٦,٠٦٢

▲ ١٠,٢٧٨+

- تا ٣١ی ئابی ٢٠٢٣، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) (٤,٨٤٦,٠٦٢) هاوڵاتی گەڕاوەی دەستنیشانکرد لە (٨٠٧,٦٧٧) خێزان دا.
- ئەمەش واتە زیادبوونی (+١٠,٢٧٨) گەڕاوە لەوەتەی ڕاپۆرتی گەڕی پێشووەوە (٠.٢٪) زیادکردن.
- قەزاکانی ناوەندی موسڵ و بەعاج لە پارێزگای نەینەوا گەورەترین بەرزبوونەوەی ژمارەی گەڕاوانیان بەخۆیانەوە بینی لەوەتەی گەڕی پێشووەوە. گەڕانەوەکان بۆ قەزای شەنگال بەهۆی ئەو قسە ڕەق و قیناوییە بووە لە شوێنەکانی ئاوارەبوون بەرانبەر بە ئێزدییەکان گوتراوە. هەروەها بەهۆی بەرەوپێشچوونی دۆخی ئەمنی ناوچەکانی زێدەوە بووە. لە قەزای بەعاج، خێزانەکان لە کامپەکانی جەدعە ١ و ٥ گەڕابوونەوە، لەبەرئەوەی کامپی جەدعە ٥ بە فەرمی لە نیسانی ٢٠٢٣ دا داخرا. هەروەها هەندێک لە خێزانە ئێزدییەکانیش خۆیان ئەوەیان هەڵبژارد کە بۆ بەعاج بگەڕێنەوە لەبەر ئەو ئاڵنگاریانەی بەهۆی ئاوارەبوونی درێژخایەن تووشیان هاتبوو. زیادبوونی ژمارە گەڕانەوەکان لە قەزای ناوەندی موسڵ ڕەنگدانەوەی داخستنی کامپ بوو، بەهۆی نەبوونی سەرچاوە و هۆکاری دارایی بوو تا لەو ناوچانەی ئاوارەبوون بمێننەوە و لەم گەڕەدا شوێنەکانیان بۆ شوێنی دیکە تازە جێهێشت.
- قەزاکانی سامەڕا لە پارێزگای سەڵاحەددین و هەترە پارێزگای نەینەوا و ڕوتبە لە پارێزگای ئەنبار نزمبوونەوەیەکی کەمیان لە ژمارەی گەڕاوان بەخۆوە بینی بەهۆی شکستهێنان لە گەڕانەوە. لە قەزای سامەڕا، شکستهێنان لەگەڕانەوەی بەهۆی وشکەساڵی و بە بیابان بوونبوو، لەوکاتەی لە قەزای هەترە نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و نەبوونی دەرفەتەکانی کارکردن بوو هۆیە سەرەکییەکان بوون.
- ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین زیادیکرد بە (٢,١٨٤) کەس بە بەراورد بە گەڕی پێشوو (١.١٪).

٨٠٧,٦٧٧ خێزان ▲ ١,٧١٣+

٢,١٧٢ شوێن ▲ ٥+

٩ پارێزگا

٣٩ قەزا

▲▼ گۆڕانکارییەکان لەوەتەی گەڕی پێشووەوە

١. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕێباز و میتۆدی لیستی سەرەکی، تکایە بڕوانە ڕێبازی ڕاپۆرتەکە لە کۆتایی ڕاپۆرتەکە دایە.
٢. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێژەی گۆڕانی حاڵەتەکانی ئاواران و گەڕاوان، تکایە بڕوانە ڕێبازی ڕاپۆرتەکە.
٣. دوابەدوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان-ی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨ دا، نزیکەی ٢٧,٣٠٠ خێزان ئاوارەبوون و پاشان گەڕانەوە کەرکووک. ئەم ئاوارەبوونە پەیوەندی بە ئاوارەبوونی نێوان ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧ ی شەڕ و ململانێ لەگەڵ داعش دا نەبوو، ئەم ئاوارەبوونی کورتخایەن بوو، گرووپ و چین و توێژەکانی ئەم ئاوارەبوونە لە حاڵەتەکانی ئەم گەڕەی ئێستا دەرهێنراون.

